KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
1-8-2007 23:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گۆڵێکی مێژوویی بوو! ... ئەحمەد تازەدێیی

سوید

پیشکەش بەو عێراقییانەی کە بەسەر سوتماکی خاکەوە ئاڵای بەعسیان بەرز دەکردەوە



بەخوا سەیر بوو، !
ئەوە چی بوو!
چی گۆڵێ بوو؟!
بە کەلەیەك گەلی کوردی وڕوو گێج کرد،
ئەوەتانێ سەرۆکی هەرێمی سەرسام کرد،
گوایە دەڵێن مەزەی گۆڵەکە مزر بوو،
لەخۆشیدا سەرخۆشی کردٌ،
تاکوو خۆی پێ ڕانەگیرا،
بروسکەیەکی بەپەلەی ڕەوانە کرد،
ئیتر نازانم لە بۆ چی؟!
بروسکەیەکی بە پەلە ٌنانێرێ بۆ
کەرکوکی کورد!
کورە دەڵێن، مام جەلالیشی سەغی کرد،
سەدان هەزار دۆلاری سەوز
بەدیاری
پێشکەشیانی کرد،
بە ئێکس پرێس بە زوویی
ڕەوانەی کرد،
خۆزگە دەمزانی لەبۆ ٌ
جێماوەی ئەنفال چی کرد، ؟!
ئەوە چی بوو، ئەو گۆڵە،
ئەو گۆڵە چی کرد،
باشوری کوردستانی سەراپا بەنج کرد،
هەرچی شاروو لادێ هەبوو،
ئاهەنگی خۆشی خۆی ساز کرد،
لە من وابوو،
باشوری کوردستان، سەربەخۆیی
خۆیی بەیان کرد،
کەچی هەرچی گەنج و پیر و کچ و کوڕی
وولات هەبوو،
خۆیان بائەدا بۆیەکتر، سەمایی
عەرەبیان دەکرد،
ئاڵای بەعسی ئەفلەقیان،
لە دەستا بوو،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆیە دەڵێم ئەمە گۆڵێکی
زۆر جوان بوو،
مێژووی بوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.